کەس وەک تۆ بە دوامدا نەگەڕا ...

کەس وەک تۆ ونی نەکردم!

کەس لە تۆ نەچوو

تۆ لە کەس نەچوویت

کەس وەک تۆ سەرنجی نەدام

کەس وەک تۆ نەیبینیم

کەس وەک تۆ شێوەی نەکردم

کەس وەک تۆ نەیبردمەوە ناو ئێوارەی ئاوێنەکەی

کەس وەک تۆ خۆمی پیشان نەدام و

کەس وەک تۆ

ونی نەکردم!

تۆ لە کەس نەچوویت

کەس لە تۆ نەچوو

کەس وەک تۆ ... تەنیایی پڕ بە بەری خۆم

بۆ نەدووریم

کەس وەک تۆ بە هوروژم نەهات

کەس وەک تۆ نمە نمە نەڕۆیشت

کەس وەک تۆ سەفەری لێوە نەکردم

کەس وەک تۆ

لە خۆیدا هەڵینەگرتم!

کەس وەک تۆ نەیبردمە بەر باران

کەس وەک تۆ بە باغەکاندا نەیگەڕاندم

کەس وەک تۆ لەسەر قەدی درەختەکان هەڵینەکۆڵیم

کەس وەک تۆ بە ڕەچەڵەکی مێرووەکاندا

نەیبردمەوە سەر نەسەبی خۆم و

کەس وەک تۆ بە ناوی خۆمەوە بانگی نەکردم

کەس وەک تۆ لە سەفەردا نەیناسیمەوە

کەس وەک تۆ لە جێگە هەمیشە چۆڵەکەدا

لە شەمەندەفەرەکاندا لە تەنیشتمەوە دانەنیشت

کەس وەک تۆ بەپێی پەتی بە ڕێگاکاندا

لە گەڵمدا نەهات

کەس وەک تۆ

لەبەرخۆیەوە نەیخوێندمەوە

کەس وەک تۆ بە چاو تەماشای نەکردم

کەس وەک تۆ بە جێگەپێی خوێناویی زاهیداندا

تا سەر لێواری خەرەند نەیبردم!

کەس لە تۆ نەچوو

تۆ لە کەس نەچوویت

کەس وەک تۆ نەیبردمەوە بەر هەتاو

کەس وەک تۆ نەیهێنامەوە کۆڵان

کەس وەک تۆ نەیگەڕاندمەوە ناو پاییز

کەس وەک تۆ باوەشی بۆ نەگرتمەوە

کەس وەک تۆ چۆڵی نەکردم

کەس وەک تۆ .... بەردەوام

ئازادی نەدەکردم و

کەس وەک تۆ هەمیشە

گەمارۆی نەدەدام!

تۆ لە کەس نەچوویت

کەس لە تۆ نەچوو

کەس وەک تۆ لە شەڕەکاندا لەسەری نەکردمەوە

کەس وەک تۆ

لە ئاشتییەکاندا لە گەڵمدا بە شەڕ نەهات

کەس وەک تۆ لە سەرهەڵگرتنەکاندا

لەگەڵمدا دانەنیشت

کەس وەک تۆ لە پێکەوەبوونەکاندا

لێم هەڵنەهات

کەس لە تۆ نەچوو

تۆ لە کەس نەچوویت

کەس وەک تۆ قەرەباڵخیمی نەهەژاند

کەس وەک تۆ تەنیاییمی دانەگیرساند

کەس وەک تۆ تێکوپێکی نەدامەوە

کەس وەک تۆ دروستی نەکردمەوە

کەس وەک تۆ هەڵینەوەراندم

کەس وەک تۆ لە ئینجانەکەی حەوشەدا

نەیڕواندم!

تۆ لە کەس نەچوویت

کەس لە تۆ نەچوو

کەس وەک تۆ دڵڕەقانە

خۆشی نەویستم

کەس وەک تۆ میهرەبانانە

جێی نەهێشتم!

کەس لە تۆ نەچوو

تۆ لە کەس نەچوویت

کەس وەک تۆ ... لە ئەزەلەوە بە دوامدا نەگەڕا

کەس وەک تۆ .... تا ئەبەد

بزری نەکردم!

پاییزی 2009